# فەڕرووخیی یەزدی
# کێیە؟ کوێندەرییە؟ چی کوتووە و چی بەسەر هاتووە؟

**د. ئەحمەد ئەحمەدیان**
**(مەهاباد)**

وەڵامی ئەو پرسیارانە، بە ترسناکترین دیمەنی بەربەرەکانێی قەڵەم و قەمە! و بەربەرەکانێی ماف و مافینگی و بەرەنگاربوونی ئازادی و دەرەبەگایەتی! و لە گژ ڕاچوونی زمان و زۆرەملێ، لە تاریکترین خولی مێژووی ئێران وەبیر خەڵکی دێنێتەوە! وەڵامی ئەو پرسیارانە، شەوەزەنگێک لە مێژووی تاریکی ئێران وەبیر دێنێتەوە، کە دێوەزمەکانی چەرخی زۆرەملی، قۆڵیان لە قۆڵی یەکتری خستووە و بە هەڕەمە شاڵاویان بردووەتە سەر هەموو مافە ڕەواکانی خەڵکی چەوساوەی ئێران و زۆربەی نووسەرەکانیش لە برسان! یان لە ترسان! قەڵەمەکانیان هەڵپەساردووە، یان کردوویاننە خولخولە! و باریکانیان بۆ پەشەدانی خەوی ئارامی زۆردارەکان پێ ڕستوون!

هەروەها وەڵامی ئەو پرسیارانە، لەلایەکی دیکەوە، قەڵافەتی سامداری پیاوێکی یەکجار بە جەرگ و نەبەزمان دەخاتە بەر چاو کە لە بن بارستایی ئەو هەمووە زۆر و زۆردارییەدا، لەو دێوەزمانە ڕاست بووەتەوە و بە قەڵەم و بە زمان خەڵکی ڕاپەڕاندووە و هەموو چین و توێژێکی لەو زۆردارانە هان داوە و لە ئاخ و داخ و ناڵە و سکاڵا و تووک و نزای ئەو خەڵکە بەشخوراوە، تۆفانێکی هەستاندووە کە قەڵبەزەی شەپۆلی ئەو تۆفانە هاژاوە، کۆشک و تەلاری هەموو زۆردارەکانی پێ ڕاژاوە و دێوەزمەکانیشی تا ئەو ڕادەیە شێت و خوودار کردووە کە خراپتر لە هەموو دڕندەیەک پەلاماریان بۆ بردووە، تەنانەت بە دەرزی و دەزوو زاربان درووە و بەو حاڵەش لە گرتووخانەیان هاویشتووە و لە دواییش شارەودەریان کردووە و ماوەیەک لەبەر چاوی خۆیان لابردووە و حەوایان داوەتە هەندەران، پاشانیش بۆ هێنانەوەی، سەدان گوریسی درۆ و دەلەسەیان وەسەر یەکتری خستووە! بەڵام قارەمانی نەبەزی ئەو بەسەرهاتە مامۆستا "فەڕرووخی" چ لە ئێران و چ لە هەندەران، چ لە گرتووخانە و چ لە دەرەوە، تەنیا کارێک کە کردوویەتی، بەربەرەکانێ دەگەڵ دێوەزمەکانی ئازادی خۆر بووە و تەنیا کارێک کە نەیکردووە، خۆ بە دەستەوەدان و سەر دانەواندن لە بەرانبەر ستەمگەران و خوێنمژانی ڕۆژگار بووە و پاش تەمەنێک بەربەرەکانێ و گیانبازی و هاوار و زاڵە، لە گرتووخانەی نامەرداندا گیانی خۆی لە دەست دا و بە نامرادی سەری نایەوە.

### ئەوە ئێوە و ئەوەش وەڵامی ئەو پرسیارانە

لە ساڵی ١٢٦٨ی هەتاوی، بنەماڵەیەکی نەدار و دەستکورت – بەڵام دڵاوا و کارکەر و دیندار – لە شاری "یەزد"، خودا کوڕێکیان دەداتێ و ناوی دەنێن "محەممەد" و ئیبراهیمی بابی لە کاتی خۆیدا لە قوتابخانەی شار –

بە ناوی (دارولمورسەلین)- ئەو کوڕەی وەبەر خوێندن دەنێ. ئەو قوتابخانەیە لەبەر ئەوەی ئینگلیزەکان پێکەوەیان ناوە و هەر خۆشیان هەڵیدەسووڕێنن و ڕاستییەکەی قەلەمندارەیەکە بۆ سیخوڕەکانی بریتانیای گەورە! زۆربەی گەنج و لاوەکان، سێبەری ئەو قوتابخانەیە لەسەر سەری خۆیان زۆر بە قورس و گران دەزانن و "محەممەد فەڕرووخی" سەرەڕای ئەوە لە هەمووان پتر، لە سێبەری ڕەشی ئەو قوتابخانەیە جاڕزە، ناتوانێ وەک ئەوانی دیکە جاڕزێکی کوڕومات بێ و هیچ نەڵێ، بەڵکو لەناکاو وەزاڵە دێ و لە چەند هۆنراوەیەکدا سەروگوێلاکی ئینگلیزەکان وە بەر تەوس و پلاری قەڵەمەکەی دەدا و بەو چەشنە پیتە تیژ و تاڵانە، خەڵکەکەیان لێ هان دەدا: "ئەی خەڵکینە! ئێوە موسوڵمانن، بۆچی منداڵی خۆتان دەنێرنە قوتابخانەی خاچپەرستەکان! ئایا بیرتان لەوە نەکردووەتەوە کە پاشەڕۆژی ئەو هەڵەیە چییە؟!"(١)

دوای دەنگدانەوەی ئەو هاوارە و بڵاوبوونەوەی ئەو هۆنراوانە، سەرۆکی قوتابخانەکە و ژمارەیەک لە بەکرێگیراوەکان، محەممەد فەڕرووخی بە تاوانی گێرەشێوێنی لەو قوتابخانەیەدا وەدەردەنێن و محەممەد فەڕرووخی (کە ئەوکات تەمەنی شازدە ساڵ دەبێ) لەوە بەولاوە ناچار دەبێ کە لە باتی دەرس خوێندن، بە هێزی بڕووکەسەوادێک کە هەیەتی، دەست بە خوێندنەوەی کتێبەکان بکا و بە بەرکارکردن و ڕەنج بردن و نان پەیدا کردن، ڕووکاری زانین و ئاگادارییەکەی حەوا دا.

لەو کاتەدا کە هەنگەمەی "مەشرووتەخوازی" لە حەوای ئێران دەنگ دەداتەوە، محەممەد فەڕرووخی کە ئەو هەوایەی زۆر بە کەیفێ دەبێ، دەسبەجێ ڕەگەڵ مەشرووتەخوازان دەکەوێ و دەبێتە ئەندامێکی"حیزبی دیموکراتی ئێران" و لە نەورۆزی ساڵی ١٢٨٨ی هەتاویدا لێی دەگێڕنەوە کە بە نێوی هۆنەرێک، بۆ بەڕێوەبردنی داب و یاسای جێژنی نەورۆز لەو کۆڕە گەورەدا هاوبەشی بکا. لەو کۆڕەدا دوای ئەوە ژمارەیەک لە هۆنەران لە ترسان، یان لە برسان، یان بە پێی داب هەتا دەتوانن بە حکوومەت و دەستوپێوەندی حکوومەت هەڵدەڵێن و دەستخۆشانەی خۆیان بە چەوری و شیرنی وەردەگرن! ئەو جار نۆرەی مامۆستا فەڕرووخی دێ و مامۆستا فەڕرووخی لە باتی پێهەڵکوتن، لە هۆنراوەیەکدا هەتا دەتوانێ سەروگوێلاکی «چیغمالدوله» (زەیغەموددەولە) - فەرمانداری یەزد - دەکوتێ و سەری پلارەکانی بە گەورەتر لەویش دەگەیەنێ و لە حاڵێکدا کە چاوی تەماشاچییەکان وەک ئاڵقەچەقۆیان لێ هاتووە و هەموو ئەندامیان بووەتە گوێ! لەپڕدا گوڕڕەی"بژی بژی، دەست خۆش" و قریوەی ئازادیخوازان، میچی هۆدەکەی فەرمانداری دەلەرزێنێتەوە و زەیغەموددەولەی فەرماندار لەو گوڕڕەیە چوارچاو دەبێ و بەو قریوە و چەپڵەلێدانە وەها شێت و خوودار دەبێ، کە هەر لەو کۆڕەدا فەرمان دەدا مامۆستا فەڕرووخی بگرن و لە گرتووخانەی هاوێن و دەسبەجێش لێپرسینەوەی لەگەڵ دەست پێ بکەن. لە جەنگەی لێپرسینەوەدا، چونکە مامۆستا فەڕرووخی ئامادە نابێ باداتەوە و لەسەر قسەکانی شێلگیرتر دەبێ و زۆرتر مەردازایی لە خۆی نیشان دەدا، زەیغەموددەولە پتر شێت و خوودار دەبێ و زیاتر لە کەوڵی ئینسانەتی دەڕواتە دەر و وەک دەرەبەگێکی "سەدەکانی نێوەڕاست"، فەرمان بە نۆکەرەکانی دەدا کە بە دەرزی و دەزوو زاری مامۆستا فەڕرووخی بدروون!!

ڕووناکبیران و ئازادیخوازان کاتێک ئەو هەواڵە تاڵە دەبیستن و دەبینن کە دەرەبەگێکی "بەختیاری" ئاوا بە بێ شەرمی کەڵەزەڕی دەکا و لە سەردەمی مەشرووتەدا ئاوا گوڵێک بە ئاودا دەدا! تێکڕا هەڕا دەکەنە تێلگرافخانە و بە ناردنی تێلگرافێک، تەواوی نوێنەرەکانی "کۆڕی تەگبیری نەتەوایەتی" (مجلس شورای ملی) لەو کەتن و پەندە ئاگادار دەکەن و نوێنەرەکان بە هەڕەمە "وەزیری نێوخۆ" وە ژێر پرسیار دەخەن و وەزیری نێوخۆ چەند کەڕەت لە سەریەک سوێند دەخوا کە ئاوا کارێک هەر ڕووی نەداوە و ڕانەبوردووە! بەڵام هەر لەو کاتەدا، مامۆستا فەڕرووخی بە دمولێوی خوێناوییەوە لە گرتووخانەی شاری یەزددا زیندانی بوو.

مامۆستا فەڕرووخی دوای دوو مانگ خۆی لە گرتووخانە دەرباز دەکا و بەر لە هەڵاتن، بە ڕەژی ئەو دوو شیعرە لە دیواری گرتووخانە دەنووسێ:

**به زندان نگردد اگر عمر طی**
**من و ضیغم الدوله و ملک ری**
**به آزادی ار شد مرا بخت یار**
**برآرم از ان بختیاری دمار** (١)

دوای ئەو ڕووداوە، زەیغەموددەولە لێدەکەوێ و «فخرالملک» (فەخرولمولک) جێگای ئەو دەگرێ و دڵخۆشیی مامۆستا فەڕرووخی دەداتەوە.

لە ساڵی ١٢٩٩ی هەتاویدا مامۆستا فەڕرووخی خۆی دەگەیەنێتە تاران و ڕەگەڵ سێلاوی ئازادیخوازەکان

دەکــەوێ و هۆنراوەیەکی زۆر بە تەکــان ســەبارەت بە دادخـوازی و ڕادانی سـڕوسـیـپـاڵی سـتـەمگەران بڵاو دەکاتەوە! دەڵێن دار هەڵیـهێنییـەوە زیانیـخورۆ دیاری دەدا!! بەو هۆیە "رضاخـان مـیـرپـنج" (ڕەزا مـیـرپەنج) – سـەرکردەی سـوپا– بە هۆنراوەکانی مامۆستا، بیرگـەی ئاڵۆز دەبێ و هاوار دەبا بۆ "کۆڕی تەگبیری نەتەوایەتی" و لە چنگ مـامـۆسـتـا فـەڕووخی سکاڵا دەکـا و بە نوێنەرەکان ڕادەگەیەنێ کە: "ئەگەر ئێوە ئەو کابرایەم لە کۆڵ نەکەنەوە، ناچارم بۆخۆم هەر چەندی بتوانم دەگەڵی بکەم!!"

فـەڕووخی لە جەنگەی هەڵایسانی یەکەمین جەنگی جیـهـانیدا کۆچێک دەکا بۆ «بین النهرین» (عـێراق) و لەوێش ئینگلیـزەکـان هێندەی وە دوو دەکەون و زۆری بۆ دێنن، ناچار دەبێ کە بە پێیان بێتەوە بۆ ئێران.

فـەڕووخی لە کـاتی بەسـتـنی ڕێککەوتننامـەی شەرماویی ١٩١٩ کە ئێران بە پێی ئەو گرێبەستە دەچووە بەر چنگی ئینگلیـزەکان، زۆر بەگشتی هەڵبـەزییـەوە و بەرەنگاری «وثوقـالدولە» (وسـوقـوددەولە) – سـەرۆک وەزیرانی ئەوکـات – بوو و لە ئاکـامـدا مـاوەیەکی زۆر خـرایە گـرتووخـانەی ژمـارە یەکی تاران، بەڵام زبری و زۆربی ژیانی گـرتووخـانە، تیـغی زمـان و قـەڵەمی مامۆستای چاکتر دەسوو و ڕۆژ بە ڕۆژ تیژتری دەکردن؛ بەو هۆیە ئەو ڕۆژەی کە لە گرتووخانە هاتە دەر، یەکجێ لە "ئەحـمـەدشـا"ی هەڵپـێـچا و بەوە تاوانباری کـرد کـە لایەنگیـری لەو ڕێککەوتننامـە شـەرمـاوییـە کـردووە و پشـتی وسـوقـوددەولەی گـرتووە و ئەحـمـەدشا لە چنگ فەڕووخی سکاڵای بردە «عدلیە» (دادگا) و لە ئاکامدا وسوقوددەولە لێخرا و کارەکە سەرپۆش کرا.

فــەڕووخی لە جــەنگەی کــوودەتای ١٢٩٩ چەند مانگێک لە باغی "سەردار ئیعتیماد" زیندانی کرا.

فەڕووخی لە ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی لە نێو دنیایەک کەند و کۆسپدا، ڕۆژنامەی "تۆفان"ی بڵاو کردەوە و لەو کاتەدا کە هەندێک لە ڕۆژنامەنووسەکان لە ترسان، یان لە برسـان بە خـاوەن دەسـتـەڵاتەکـانیـان هەڵدەکـوت، مـــامـۆســتــا شـەپۆلی هاژاوی تۆفـانەکـەی ئاوقـای سەروگوێلاکی ڕەزاخان میرپەنج – سەرکردەی سپا – دەکرد و بەتەواوی لەو پیـاوە سەرەڕۆیەی هەڵکێـلابوو. بەو هۆیەوە چەند جاران "تۆفان" ڕادەوەستێنرا و دووبارە وەڕێ دەکەوتەوە و لە جەنگەی لە کارکەوتنی ڕۆژنامەی تۆفـان، پەیامی ئازادیخـوازیی مـامـۆسـتـا و هەر وا دەربڕینی دەردی دڵی خەڵکی بە پێنووسی مامۆستا لە ڕۆژنامـەکـانی "پەیکار"، "قـیـام"، "سـتـارەی شـەرق" و "تەلیعەی ئەفکار" (٢) بڵاو دەکرانەوە.

ڕۆژنامەی تۆفان بە کلێشـەی سوور و ڕەنگی خوێنی شۆڕشگێـران چاپ دەکـرا و سـەروتارەکـانی گـڕی ئاگـری تووڕەیی نەتەوەی بەشـخـوراو و چەوسـاوەی لێ بڵند دەبوو؛ بۆ نموونە یەکێک لە سەروتارەکانی ئەوە بوو:

«ابوالهـول ارتجـاع» (دێوەزمـەی کۆنەپەرستی)؛ لە بن ئەو سەردێڕەدا نووسیبووی:

"ستەم و چەوساوەیی ڕۆژ بە ڕۆژ پتر دەبێ، نۆکەرەکانی ئینگلیـز لە تەواوی وڵاتەکـانی ڕۆژهەڵات، بەتایبـەت لە عـێـراق و لە ئێـران، بە چوارناڵە هەڵیـانکوتاوەتە سـەر هەمـوو مـافـە ڕەواکـانی خـەڵکی و دەسـتـە چەپەڵەکـانی خـۆیان هەتا هەنیـشـک بە خـوێنی پاکی ئازادیخـوازان ڕەنگاندووە و تازە ئیـدی مـان گـرتن و تەگـبیـر و ڕا هیچ کەڵکێکی نەماوە؛ یان دەبێ وەک سەرکردە مەردازاکانی ئیسلام – "حوسێن"(ع) و "مصعب بن زبیر" (موسعەبی بنی زوبەیر) داوێنی پیـاوەتی بە لادا کـەین و چش لە گـیــان و مــان بکـەین و بەخـتـەوەریی ئەبەدی وەدەست خـۆمـان خـەین؛ یان بە پەیڕەوی لە شـێـخی گـەورە "نەسیـرەددین تووسی" بۆ بەتلاندنی ئەبولهـولی ئیـرتجـاع هاوار بۆ هەلاکۆیەکی بەرین!"

ڕەزاخـان – سـەرکـردەی سـوپا–، دوای بڵاوبوونەوەی چەند وتارێکی ئاوا توند و ئاوراوی، نامەیەکی لە کۆڕی تەگبیـری نەتەوایەتی نووسی و داوای لێپـرسینەوەی لە فەڕووخی کرد و ئەو ڕۆژە کە ڕەزاخان بوو بە"ڕەزاشا"، بە ناوی دابینکردنی هێمنایەتی و ئارامیی وڵات، چەند هەنگاوێکی هەڵێناوە، کە یەکێکیـان شارەوەدەرکردن و زیندانیکردنی فەڕووخی بوو بۆ شاری "کرمان".

فەڕووخی دوای هاتنەدەری لە گرتووخانە و هاتنەوە لە تاراوگە، بۆ هاوبەشی کـردن لە جێـژنی دەیەمین سـاڵی شـوڕشی ئۆکتـۆبر، چووە وڵاتی سۆڤیـەت و هۆنراوەیەکی ئاوراوی و شۆڕشگێڕانەی خوێندەوە کە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکرایەوە.

فــەڕووخی دوای گــەڕانەوە بۆ ئێــران و لە ســاڵی ١٣٠٧ی (هەتاوی)دا، لە لایەن خـەڵکی شاری یەزدەوە بۆ نوێنەری لە کـۆڕی تەگـبیـری نەتەوایەتی هەڵبـژێررا و حکوومـەتیش دەسـتی لەو کـارەدا هەبوو، چونکە پێی وابوو ئەگـەر مامۆستا ببێـتە نوێنەر لە کۆڕی تەگبیـری نەتەوایەتی، لە لایەکـەوە لە دڵی خـەڵکی ناڕازیدا ئەو

قودبەی نامێنێ و لە لایەکی دیکەشەوە بە هۆی نیزیک بوونەوە لە حکوومەت نەرم دەبێ و وردەوردە دەتوێتەوە! بەڵام داهاتووی مامۆستا نیشانی دا کە ئەو حیسابە لە هەشتی مشتێکیشی وا نییە، چونکە مامۆستا ئەو ڕۆژەی پێی نا کۆڕی تەگبیری نەتەوایەتی، ئەو جێگایەی کــردە گــۆڕەپانی بەربەرەکــانێ دەگــەڵ زۆرداران و ستەمگەران و بەو هۆیە دەستوپێوەندی حکوومەت لەو کۆڕەدا بە پێچەوانەی یاسای توندی پاراستنی نوێنەران، چەند جار مامۆستایان وەبەر مست و شەپازللە دا و هەڕەشەیان لێ کرد کە بیکوژن، هەر بۆیە مامۆستا ناچار بوو هەڵێ بۆ عــرووسیــات، بەڵام لەبەر ئەوە کـە بیـر و بڕوای فەڕرووخی دەگەڵ هەوای ئەو مەڵبەندە نەدەگونجا و لە چەند وتارێکی توند و ئاوراویدا دەزگـای میـرایەتیی سۆڤیەتی وەبەر تیر و تانە دا، پیاوەکانی دەرک و دیوان لە میرایەتیی سۆڤیەت لە مامۆستا تۆران و مامۆستایان داوە دەست نوێنەری ڕامیـاریی ئێـران لەو وڵاتە و پاش باسوخواسێکی زۆر، پەروانەی کۆچ کردن بۆ ئەڵمانیان دا دەست مامۆستا.

فەڕرووخی لە ئەڵمانیش بێکار دانەنیشت و بە هۆی چەند وتارێکی توند - کە لە ڕۆژنامەی «پەیکار»دا بڵاو دەکرانەوە - حوکمەتی ملهوڕی و زۆرەملی لە ئێراندا زۆر بە جوانی وەبەرچاو دەخست و لەو کاتەدا کە لە ئێران لە ترسی ڕەزاشا کەڵ بە موو بەند بوو، مامۆستا فەڕرووخی باسی لە داردانی ڕەزاشای دەهێنایە گۆڕێ!! و دەیکوت:

**بود اگر جامعه بیدار در این دار خراب**

**جای سردار سپه، جز به سر دار نبود (٣)**

و هەر وا دەیکوت:

**به روزگار رضا هر که را که من دیدم**

**هزار مرتبه فریاد نارضایی زد (٤)**

ڕەزاشا بە بیستنەوەی ئەو قسانە، لە ئەوپەڕی ئاڵۆزی و تووڕەییدا فەرمانی دا بە باڵوێزی ئێران لە ئەڵمانیا کە ڕانەوەستێ لە هەڵسووڕێنەری ڕۆژنامەی پەیکار و نووسەرەکانی و لە دادگای ئەڵمانیا سکاڵا بکا و بۆ هەموو کەسێکی ڕوون بکاتەوە کە لە ئێراندا جگە لە یاساکانی «حکوومەتی مەشرووتە» هیچ یاسایەکی دیکە بەڕێوە ناچێ و هیچ کەس ستەمی لێ ناکرێ!!

دادگای ئەڵمانیا کۆڕی داوەری پێکهێنا و فەڕرووخی لەو کۆڕەشدا بە بەڵگەی ڕوون و ئاشکرا نیشانی دا کە «ڕەزاشا» لە ئێران لە هیچ ستەمێک دەست هەڵناگرێ و قوڕقوڕۆچکەی حەقبێژانی وەها ڕێک کوشیوە کە هیچ کەس لە ترسی گیانی خۆی ناوێرێ لە چنگ ئەو ملهوڕە هاوار بکا!

ڕەزاشا کە بەو سکاڵایەش چنگی لە مامۆستا گیر نەبوو، یەکجاری گڕی گرت و ئەوەندەی دیکەش ڕقی لێ هەڵگرت! هەرچی بیریشی دەکردەوە هیچی بۆ نەدەکرا، بەڵام میرایەتیی ئەڵمانیا کە بەرەو پەستی و خۆپەرستی دەهاتەخوار، لەنەکاو دەستوپێوەندی حوکمەت لەبەر دڵی ڕەزاشا بیانوویان بە مامۆستا گرت و هەڵیان پێچا کە دەبێ لە ئەڵمانیا بڕواتەدەر! هەڵکەوتیش وا بوو کە لەو کـــاتەدا «تەیموورتاش» (وەزیری دەربار)، چاوی بە فەڕرووخی کەوت و بە زمانلووسی و شاتوشووت مامۆستای فریو دا کە بگەڕێتەوە بۆ ئێران. مامۆستا بە چاوڕاوی ئەو وەزیرە بەکرێگیراوە هەڵخەڵەتا و هاتەوە بۆ ئێران. دیار بوو مامۆستا ئەجەلی هاتبوو و دەبوو بە پێی خۆی بێتەوە بۆ کوشتارگای خۆی و چارەنووس چاوی مامۆستای لە دیتنی ئەو ڕاستەقینە نووساندبوو کە: «ڕەزاشا هەر ڕەزاشایە و هەتا توانایی زۆرتر بێ پتر دەستی بە خوێنی ئازادیخوازان سوور دەکا!».

مامۆستا کاتێک کە هاتەوە بۆ ئێران، لەڕێوە نەیانگرت، تەنانەت بۆ چاونووساندنی خەڵک، شارەبانی مانگی چوار قرانیشی مووچە و مانگانە بۆ بڕییەوە و مامۆستا مانگی هەوەڵ و دووەم بە نابەدڵی و پێناخۆش بوون ئەو چوار قــــرانەی وەردەگـــرت و دەیداوە بە قەرزدارەکانی و لە مانگی سێیەمدا بە نووسینی نامەیەک بەو ڕەنگە، لە وەرگرتنی ئەو مووچەیە خۆی کێشایەوە:

**«از مراحم خصوصی حضرت اجل متشکر، و چون دوستانم تقبل نموده‌اند ماهانه هر کدام به قدر توانایی برای اداره‌ی زندگی کمکم فرمایند، این وجه را به مصرف لازمتری رسانده و بنده را متشکر فرمایید. فرخی - مدیر روزنامه‌ی توفان».** (٥)

بەڵام هەر لە سەرەتای هاتنەوەی مامۆستا، «سرلشکر ایرم» (سەرلەشکر ئایرۆم) - سەرۆکی شارەبانی - لە بنەوە و بە فەرمانی شا، مامۆستا و ئاشناکانی دەخاتە ژێر چاوەدێری و کـــەم هەتا زۆر چلۆنایەتیی ژیانی مامۆستا بە دەفتەری تایبەتیی شاهەنشاهی هەواڵ دەدرێ. لە نامەی (ژمارە ٦١٢ی ڕێکەوتی ١٢/٦/١٣ دەفتەری تایبەتی شاهەنشاهی لە شارەبانی دەپرسێ کە «فەڕرووخی خەریکی چییە؟» شارەبانی لە وەڵامدا دەڵێ: «بێکارە و هاموشۆی هیچ کەس ناکا و خەریکی

هیچ کارێک نییە».

له ساڵی ١٣١٤ کە «ڕوکنوددین موختار» دەکرێتە عۆدەداری کاروباری شارەبانی، ژیانی مامۆستا دەکەوێتە ئەوپەڕی تاڵی و ناخۆشییەوە و ڕۆژبەڕۆژ جێگای پێ تەنگتر دەکرێ؛ بەو ڕەنگە کە موختار کاغەزفرۆشێک بە ناوی «کتابچی» فێر دەکا و بە هەڕەشە و تەما وەبەرنان هانی دەدا کە داوای قەرزێکی زۆری کاغەز کڕین لە مامۆستا بکا، چونکە مامۆستا پووڵی نابێ، موختار، کتابچی هان دەدا کە سکاڵای قەرزکوێری لە مامۆستا بکا و دادگا بەو تاوانە دەیخاتە گرتووخانە و لە گرتووخانە بە دەستی خۆی تووشی گرفت و ئازارێک دەبێ کە هاوکات دەگەڵ ئەو ڕووداوە دەنووسێ:

**زین محبس تنگ در گشودم رفتم**
**زنجیر ستم پاره نمودم رفتم**
**بی چیز و گرسنه و تهی دست و فقیر**
**زان سان که نخست امده بودم رفتم** (٦)

له ئاکامی ماریجەیەکی زۆر لەو گرفت و ئازارە ڕزگار دەبێ، بەڵام لە جەنگەی ئەو گرفت و ئازارەدا کە هۆشی بەسەر خۆیەوە نابێ و قسان دەپەڕێنێ، «فەرهەت» (فەرهەت) - دادستانی ئەوکات - دەرفەت دێنێ و دۆسییەیەکی بۆ ساز دەکا کە فەڕرووخی لە کاتی لێپرسینەوەدا قسەی ناحەزی بە شا کوتووە و لە ئاکامی دادگای سەرەتایی لە ڕێکەوتی ١٣١٧/٨/٧ مامۆستا بە ٢٧ مانگ زیندان مەحکووم دەکرێ و هەر وا بە هاندانی فەرهەت لە «دادگاه تجدید نظر - دادگای پێداچوونەوە»دا بە سێ ساڵ زیندان مەحکووم دەکرێ، بەڵام مامۆستا هەر دوو جاران لە دیتنی بڕیارەکەی دادگا خۆی دەگرێ.

مامۆستا لە زیندانی "قەسر" بۆ زیندانی ژمارە ٣ی تاران دەگوێزرێتەوە و دەخرێتە نێو زیندانی تاکە کەسییەوە و هەموو پێداویستییەکانی ژیانی لێ دەبڕن؛ وەک خۆراک، بەرگ و شمەک، جگەرە، حەمام و هی دیکە، بۆ ئەوەی مامۆستا تەنبێ بێ و ئەوەی تا ئێستا کوتوویەتی ئیدی نەیڵێ، بەڵام مامۆستا ئێستاش باناداتەوە و بە ئیشتیای ئەوان نابزوێتەوە، بەڵکو لە سەر ئەو حاڵەشڕا پڕ بە زاری هاوار لە چنگ زوڵم و ستەم دەکا و لە دیواری گرتووخانەکە دەنووسێ:

**بهر من این زندگانی غیر جان کندن نبود**
**مرگ را هر روز دیدم در نقاب زندگی** (٧)

بەڵام ئەو ستەمگەرە دڕندانە، تەنانەت ئەو ژیانە تاڵەشیان بە مامۆستا ڕەوا نەدەدی و ڕۆژێکی ژەهریان لە چێشتەکەی کردبوو و پێی زانی و نەیخوارد، هەتا شەوێکی بردیان بۆ نەخۆشخانەیەکی نێو زیندان و "پزیشک ئەحمەدی" ئامپوولی هەوای لە دەمارەکانی لەشی کرد و ئەو پیاوە نەبەزەی کوشت و ئەو بانگ و گوڕە و هاوارەی لە بن حەوای ئێران یەکجێ خپ کرد!

بەڵام دوای کوشتنی فەڕرووخی، سەرۆکی گرتووخانەی ئەو کات، "یاوەر نیروومەند"، بە نووسینی نامەیەک هەواڵێکی ئاوای بە "ئیدارهی ئاگاهی" دا: «محمد فرخی فرزند ابراهیم در تاریخ ١٣١٨/٧/٢٥ به مرض مالاریا و نفریت فوت کرده است». (٨)

بەڵام دوو ساڵی تەواو لەو ڕێکەوتە تێنەپەڕی کە تەختی ڕەزاشا سەرەونخوون بوو. لە خەرمانانی ساڵی ١٣٢٠ لە کاتی لێپرسینەوە لە داروودەستەی شارەبانی و هەر وا لێپرسینەوە لە سەرپاس موختاری و پزیشک ئەحمەدی ئاشکرا بوو کە پزیشک ئەحمەدی بە هۆی لێ ئاژن کردنی ئامپوولی هەوا بە یارمەتیی چەند کەسێک فەڕرووخیی کوشتووە. لە نێو تاوانبارەکاندا، چونکە پزیشک ئەحمەدی دراوێکی زۆری نەبوو کە خۆی پێ دەرباز بکا، لە مەیدانی "سپە" لە دار دەدرێ و ملی بە پەتەوە دەکرێ و بە دووی (فەڕرووخی)دا بۆ ئەو دنیا بەڕێ دەکرێ، هەتا لە وێ تۆڵەی ئەو ستەمە ناڕەوایەی لێ بستێنرێتەوە.

ئەوە بوو کورتەی ژیاننامەی یەکێک لە هاوارکەرانی نەبەزی مێژووی بەربەرەکانێ دەگەڵ زۆرەملی و ملهوڕی کە لە دیمەنی وێنەیەکێ ڕەنگی، خستمانە بەر چاوی ئێوە. دەگەڵ ئەوەیش زۆر تێکۆشاین کە ئەو وێنەیە دەگەڵ خاوەنەکەی بەتەواوی یەکتر بگرنەوە، کەچی ئاخرییەکەی دوو خاڵی دزێوی محەممەد فەڕرووخی لەو وێنەدا خۆیان شاردەوە و ناچارین دوای گێڕانەوەی نەزیلەیەک ئەو خاڵە دزێوانەش لەو وێنەدا وەدەر بخەین:

دەگێڕنەوە شەنگەکوڕێکی بۆشناغ کە چاوێکی قیچ دەبێ و لاسمێڵێکی زگماک کەتۆر دەبێ، دێتە لای وێنەهەڵگرێکی ئاشنای، کە چەند وێنەی لێ هەڵگرێ. ئاشناکەی هەتا کاتی خۆی وێنەکان ئامادە دەکا و دەبینێ کە ئەو وێنانە بەڕاستی جوانن و حەیفە چاوی قیچ و سمێڵی کەتۆر ئەو وێنانە دزێو بکا. بەو هۆیە دێنێ چاوە قیچەکەی بە چاوێکی جوان نیشان دەدا و سمێڵەکەشی بۆ چاک دەکا، بەڵام کاتێک گەنجەکە دێتەوە بۆ وێنەکانی و ئەو وێنانە دەبینێ، زۆر بە تووڕەیی ئەو وێنانە بەسەر

وێنەهەڵگرەکەدا دەداتەوە و زۆر بەتوندی بە سەریدا دەگوڕێنێ کە جارێکی دیکە قەت کارێکی وا مەکە کە پووڵ لە من وەرگری و وێنەی کەسێکی دیکە هەڵگری و بیدەی بە من!!

کە وا بوو بۆ ئەوەی ئەو وێنەیەمان بە سەردا نەدرێتەوە، دێنین ئەو دوو خاڵە دزێوەش لە وێنەی محەممەدی (فەڕرووخی)دا وەدەردە خەین:

**یەکەم؛** محەممەدی فەڕرووخی جارێکی لە خۆڕا هێرشێکی بردووەتە سەر کوردەکان و تاوانباری کردوون کە موکریان و سندووس و سەڵماس و خۆی و سابلاغیان پێکوت کردووە!:

**مکری و سلدوز و سلماس و خوی و ساوجبلاغ**
**سر به سر پامال شد ز اکراد آذربایجان (۹)**

لەبەر تووڕەییش نەپەرژاوەتە سەر ئەوە کە بیر لە قسەکەی خۆشی بکاتەوە؛ چونکە کوردەکانی «ئازربایجان» ئاخر هەر ئەو کەسانەن کە لەو مەڵبەندانەدا دەژین؛ دەی چۆن خەڵکی ئەو مەڵبەندانە ئەو مەڵبەندانەیان پێکوت کردووە؟! ئەوەش کەم بەختییەکی نەتەوەی کوردە کە هەر کەس تووڕەییەکی بە سەردا هات، لەخۆڕا بەسەر ئەو نەتەوەیەدا دەگوڕێنێ و لە خۆڕا بە سەریدا دەبۆڵێنێ؛ وەک "عیشقی" و "ئەحمەد کیسرەوی" و هی دیکە. دیارە بەخشینی ئەو تاوانانە و چاوپۆشی لەو هێرشە ناڕەوایانە مافی نەتەوەیەکە و ئێمە بەتەنیا ناتوانین ئەوانە جەبە بکەین؛ بەڵام هیوادارین نەتەوەی کورد بە پشوودرێژی و لێبووردەیی و هەراویی دڵ و بە مەندیی شۆڕشی خۆی، ئەو تەپوتۆزانە بە هێند نەگرێ و ئەو پیاوە نەبەزە لەو تاوانە جەبە بکا.

**دووەم؛** محەممەد فەڕرووخی لە بەشی دوای بەربەرەکانێیەکەی لە گرتووخانەدا، لە ساڵی ۱۳۱٦ لە برسان و لە تەنیایی ئەوەندە جاڕز دەبێ کە بە مەبەستی خۆ کوشتن بڕێک تریاک دەخوا و کاتێک کە تێکهەڵدەگلێ، زیندانییەکان پێی دەزانن و هاوار لە "پزیشکی قانوونی" دەکەن و ناهێڵن محەممەد فەڕرووخی خۆی بکوژێ.

جا دەگەڵ سەرنجدان لەو مەبەستە کە محەممەد فەڕرووخی ئیمانێکی پتەوونی بە خودا هەبووە و لە زۆربەیەک لە شیعرەکانیدا هاواری لە خودا کردووە و پاڕاوەتەوە کە خودا کۆشک و تەلاری ستەمکارەکان تێکڕووخێنێ و بە ئاشکرایی دەڵێ هەر خودا چارەسازە:

**بیچارگی ز چار طرف چون شود دوچار**
**غیر از خدای عزوجل چارەساز نیست (۱۰)**

هەروەها ئیمانێکی پتەوی بە زیندووبوونەوە و ڕۆژی جەزا هەبووە و لە شیعرەکانیدا دەڵێ:

«لە دنیای دیکە ڕاست دەبمەوە و یاساکانی داوەری لە کۆڕی جەزا ئەستاندندا دەگەڵ ڕوحانییەکان پێشنیار دەکەم.»(۲) خۆکوشتن بۆ ئیماندارێکی ئاوا، دیارە گوناهێکی یەکجار زۆر گەورەیە، چونکە لێپرسینەوەی ئەو تاوانەش مافی خودایە، دیارە هیچ کەس لەو بارەوە هیچ کارە نییە؛ بەڵام هیوادارین کە خودا بە هەراویی بەخشینەکەی، ئەو پیاوە ستەملێکراوە جەبە بکا و لە تاوانەکانی دیکەشی خۆش بێ.

**پەراوێزەکان:**

(۱) یەکێک لە هۆنراوەکانی ئەوە بوو:

**دین ز دست مردم برد، فکرهای شیطانی**
**جمله طفل خود بردند، در سرای نصرانی**

(دیوان فرخی یزدی، اشعار متفرقه، ص۲۰۵)

**(۲) میروم در مجلس روحانیان آخرت**
**وندر آنجا بی کتک، طرح قوانین میکنم**

(دیوانی فرخی یزدی، اشعار متفرقە، ا ۱۸٦)

**سەرچاوەکان:**


۱- آژند، یعقوب (ترجمه و تدوین)؛ ادبیات نوین ایران (از انقلاب مشروطیت تا انقلاب اسلامی)، تهران: امیرکبیر؛ چاپ اول: ۱۳٦۳.

۲- اسحاق، محمد؛ سخنوران نامی ایران در تاریخ معاصر؛ تهران: طلوع و سیروس؛ چاپ دوم: ۱۳٦۳.

۳- براون، ادوارد؛ تاریخ مطبوعات و ادبیات ایران در دوره‌ی مشروطیت؛ ترجمەی: محمد عباسی (و) رضا صالحزاده؛ تهران: کانون معرفت، ۱۳٤۱.

٤- یزدی، فرخی؛ دیوان (غزلیات و قصاید و قطعات و رباعیات)؛ با تصحیح و مقدمه در شرح احوال شاعر، به قلم: حسین مکی؛ تهران: امیرکبیر؛ چاپ هشتم: ۱۳۵۷.


**پاشکۆ**

ئەو چەند دێڕەی خوارەوە، کە لە دەقی وتارەکەی مامۆستا ئەحمەدیاندا نین، بۆ تێگەیشتن لە مانای شیعرە فارسییەکان، هەروەها چەند ڕستە، یان پەرەگرافی فارسی (کە لە دەقی وتارەکەدا بەبێ مانا کردنەوە

خــراونەتە ڕوو)، وەک پاشکۆیەک بە پێــویست زانرا بخرێتە ئێرەوە. لە نێو دەقی وتارەکەی مامۆستادا، ئەو ژمارانەی لە نێو کرووشە « »دا هاتوون، پێوەندییان بەو بەشە (واتا: بەو پاشکۆیەوە) هەیە.

(١) واتا: مەگین هەموو تەمەنم لە زینداندا تێپەڕ بێ، دەنا من و زەیغەمووددەولە یەکتر هەر دەبینینەوە/ ئەگەر بەخـــتی ئەوەم هەبێ کـــە لە زیندان ئازاد بم، بەو «بەختـیـاری»یە دڵێم پووتێک چەند کـیلۆیە. (ڕوون کردنەوە: «بەختیاری» عەشیرەتێکی ناسراون. وا دیارە «زەیغەمووددەولە» سەر بەو عەشیرەتە بووە).

ئەو دوو بەیتــە - کــە بەناوبانگتــرین شــیــعــری فەڕڕووخیی یەزدییە - لە نێو دیوانەکەیدا (کە «حسین مکی»(حوسێن مەککی) ئەرکی ساغکردنەوە و پێشەکی لە سەر نووسینی لە ئەستۆ گرتووە) نەهاتووە، بەڵام لە پێشـەکـیی دیوانەکـەدا هاتووە (بڕواننە: دیوان فـرخی یزدی، مقدمە، ص٢٠). دیوانی فەڕڕووخیی یەزدی جیا لە غـەزەلەکـان و چوارینەکـان، لە خـۆ گـری شـیـعـرە بۆنەییـیەکانیشە و شیعری بۆنەییشی لەو دیوانەدا زۆر تێدایە، بەڵام ئەو دوو بەیتەی تێدا نییە. ئەو دوو بەیتە ڕەنگە لە گشت ئەو ژیاننامانەی تایبەتن بە فەڕڕووخیی یەزدیدا هاتبێ.

(٢) چوار ڕۆژنامـــە و بڵاوکـــراوەی ئەو ســـەردەم بوون."پەیکار"، "قیام"، "ستارەی شەرق" و "ئەفکار"

(٣) واتا: ئەگـەر خـەڵک تێکەیشـتـووبان لەو وڵاتە وێرانەدا، جێی "سەردار سپە" (واتا: سەرکردەی سوپا) هەر دەبوو لە سەردار (واتا: سێدارە) با.

ئەو بەیتە، بەیتی هەشتەمی غەزەلی ژمارە ١٢٣ «لە دیوانی فـەڕڕووخـیی یەزدی»یە. بڕواننە: دیوان فـرخی یزدی، تصـحـیـح و مـقـدمـە: حسین مکی، تهـران: امیرکبیر، چاپ هشتم: ١٣٥٧، صفحەی ١٤٥.

(٤) واتا: لە ڕۆژگـــاری ڕەزا (واتا: ڕەزاشـــا)دا هەر کەسێکم دیت، هەزار جار هاواری نارەزایی کرد.

ئەو بەیـتـە، بەیتی هەشـتـەمی غـەزەلی ژمـارە ٩٤ە. بڕواننە: دیوان فرخی یزدی، ص١٣٢.

(٥) واتا: «گــەلێک ســوپاس لە بابەت دڵاواییــە تایبەتیبەکەی بەڕێزتان؛ بەڵام بە هۆی ئەوە کە هاوڕێیانم قــبـووڵیــان کـردووە کە مـانگانە هەر کـامـەیان بە پێی توانـاییـان بۆ بەڕێوەبردنی ژیانم یارمـەتیم بدەن، ئەو بڕە پارەیە بۆ بابەتێکی دیکە تەرخـــان بـکەن و منیش مــەمنوونی خــۆتان بکەن. فــەڕڕووخی - بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی تۆفان».

(٦) واتا: لەو بەندیخانە تەنگەبەرە دەرکەم کردەوە و ڕۆیشـــتم؛ زنجـیـری زوڵمم پســاند و ڕۆیشـتم. برسی و دەست بەتاڵ و فـەقـیر، هەر بەو شـێـوەیە کە هەوەڵ جار هاتبوومە ئەو دنیایە، ڕۆیشتم.

ئەو چوارینـەیە لـە دیوانی فـــەڕڕووخـــیی یەزدیدا نەهاتووە، بەڵام لە ژیاننامەکانی فەڕڕووخی یەزدی (لانی کەم لەو ژیاننامەیەدا کە حوسێن مەککی وەک پێشەکی لە سـەر دیوانی فـەڕڕووخـیی یەزدی نـووسـیـوەیەتی و من چاوم پێی کـەوتووە) بوونی هەیە. بڕواننە: دیوان فـرخی یزدی، مقدمە، ص٦٢.

(٧) واتا: ئەو ژیانە بۆ من شـتـێـک نەبوو جـیــا لە عــەزیەت و ئازار و جـەزرەبە کـێـشـان؛ هەمـوو ڕۆژێک مەرگم لە دەمامکی ژیاندا چاو پێکەوت.

ئەو بەیـتـە، بەیتی چوارەمی غـەزەلی ژمـارە ١٧٩یە. بڕواننە: دیوان فرخی یزدی، ص١٧٧.

(٨) واتا: «مـحـەممەد فـەڕڕووخی کـوڕی ئیـبـراهیم ڕێکەوتی ١٣١٨/٧/٢٥ بە هۆی نەخـۆشیی مـالاریا و نێفریت مردووە».

(٩) واتا: مـوکریان و سندووس و سەڵماس و خۆی و سابڵاغ بە هۆی کـوردەکـانی ئازەربایەجـانەوە پێشـێل و پێکوت کرا.

ئەو بەیتە، بەیتی پێنجەمی شیعرێکە بە ناوونیشـانی «تهـران - آذربایـجـان»؛ بڕواننە: دیوان فـرخی یزدی، اشعار متفرقە، ص٢٠٤.

(١٠) واتا: کـــاتێک لە هەمـــوو لایەکـــەوە تووشی بێـدەرەتانی و بێـچـارەیی دێی/ چارە و چارەسـەری، بێجگە لە خوای مەزن و دلۆڤان لای هیچ کەسێکی دیکە نییە.

ئەو بەیـتـە، بەیتی شـەشـەمی غـەزەلی ژمـارە ٥٥ە؛ بڕواننە: دیوان فرخی یزدی، ص١١١.

بۆنە و ڕێکەوتی نووسینی وتاری بەر دەست:

مـامـۆسـتـا ئەحـمـەدیان ئەو وتارەی بەهاری سـاڵی ١٣٦٥ی هەتاوی، بەتایبـەتی و لە سـەر داوای «مـەلا غەفـوور دەبباغی» (حـافزی مـەهابادی) نووسیوە، هەتا وەک پێـشـەکی و هاوڕێ لەگـەڵ دەقی وەرگـێـڕراوی «چوارینەکانی فەڕڕووخیی یەزدی» بڵاو بکرێتەوە.